# حەوشەی بۆن و شیعر و جوانی

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)



حەوشەکەمان پڕ لە بۆنی خۆشەویستی و
ڕەشەڕێحانەی جوانی بوو
شیعر دەهات هەموو ڕۆژێ بەسەتڵێ ئاوی باوەڕ و
مرۆڤدۆستی
ئاورشێنی بەر هەیوان و ڕاڕەوەکەی بۆ دەکردین
خەیاڵ سۆندەی لە بۆڕی جوانی دەبەست و
سەری باڵندە شەرمن و بێکەسەکانی دەشوشت و
دەیخستنە بەردەم هەتاو و خۆری ژیان
چیرۆک دەهات لەناو حەوشەی ماڵی ئێمە دەبووە
ڕاستی
خوشکەکانم دڵدارییان لەگەڵ خەم و بێکەسی
خۆیان دەکرد و
یەک یەک دەبوون بە ئەفسانە و
دەچوون لەناو قژی مێژوو دەبوون بە چیرۆکی
ئومێد
حەوشەکەمان تەنیا دەرگەیەکی هەبوو، دەیڕوانییە
سەر کێڵگەیەک لە جوامێری و
دەشتاییەک لە ئاوازە بەسۆز و ئاوارەکانی ئەم
مەملەکەتە بێڕەنگە
دەرگەی حەوشەکەمان ئێستا لەسەر پشتە و
کراوەیە بەڕووی ڕۆمانی تەریو و شیعری ونبوو
کراوەیە بەڕووی کچانی نێو سەفەر و کۆچەکان
ئاگادارن.. یەک یەک هەموو بینیتان چۆن
ڕووبارەکان هاژەیان کرد و ڕۆیشتن
بێ ئەوەی گوێ لە ئاخ و ناڵەی خەمخۆری و
بێدەربەستی ئینسان بگرن
شەقامەکان پڕ ڕێبوارن و هەر کەس حیکایەتێک
دەیبەستێتەوە بە بوون و

هیچ کەس ئاگای لە دڵی پڕ برینی ڕەشپۆشەکانی
حەوشەی پڕ نهێنی نییە
وەرزەکان هاتن و چوون و باڵندەکان سەفەریان
کرد و هاتنەوە
تەنیا فرمێسکی چاوانی دایکم نەبێ ئەمێستاکەش
قەتیس قەتیس لە گۆشەی چاو دەڕوانێتە دەرگەی
حەوشە
هەتا ئومێد، هیوا، ئاوات بێنەوە ماڵ.
دایکم ڕۆیی و مێژوو لەگەڵ خۆی هەڵیگرت
باوکم سەفەر کردی بە ڕێبواری ڕێگەی دۆزینەوەی
بەختەوەری
خوشکەکانم یەک یەک لەگەڵ گوڵ و مانگ و
ئەستێرەکان بوونە هاوڕێ
براکەشم دەڵێن هەتاو دڵڕەقانە بۆ خۆی بردی
تەنیا من لەم حەوشە گەورەیەی خەیاڵ و
بیرەوەری ماومەتەوە
بەدەم سروودی جەنگەکان دەستی شیعر و بۆنی
گوڵم دەبەستمەوە و
دەبمە هەوری سەر ئاسمانی قەسیدەیەک لە
بێکەسی و بێ سەفەری
دەبمە خولیا و دەڕۆم ترۆپکی شاخەکان دەکەم
بە ژوانی خەیاڵ
دەبمە فڕین .. ئاسمانی حەوشە پڕ دەکەم لە
شەقەی باڵ
دەبمە جوانی لەناو دڵ و نیگای ژیان
بۆ هەمیشە دەبمە خۆرەتاوی یەکسانی و ئازادیی
ئینسانەکان.

سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣